گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(3).Paper19
ڕێکەوتی وەرگرتن: 2022/12/20
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 2023/02/28
ڕێکەوتی بڵاوکردنەوە: 2024/06/29

# جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری

**لقمان نعمان عبدالرحمن[1] - خامۆش عمر عبدالله[2]**

lna100h@law.soran.edu.iq - xamoshomar@yahoo.com

[1]بەشی یاسا، فاکەڵتی یاسا و سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردن، زانکۆی سۆران، سۆران، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2]ڕاوێژکاری یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بێگومان قەزای دەستوری وەکو یەکێک لە گرینگترین دامەزراوە دەستوری و دادوەرییەکانی دەوڵەت، ڕۆڵێکی گرینگی هەیە لە یەکلاکردنەوە و چارەسەرکردنی ئەو داوایانەی زیاتر پەیوەستن بە دەستوری دەوڵەتەوە، یاخود ئەو داوایانەی ڕەهەندێکی دەستوریان هەیە و لە ئەنجامی جێبەجێکردنی بنەما دەستورییەکان دروستدەبن، بۆئەوەی قەزای دەستوری ببێتە تاکە مەرجەعی یەکلاکردنەوەی داوا دەستورییەکان، هەروەها ڕۆڵێکی گرینگی هەبێت لە یەکلاکردنەوەی داوا دەستورییەکاندا پێویستە بڕیارەکانی یەکلاکەرەوە و بنبڕبن و هێزی پابەندیان هەبێت بۆ گشت دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەت، واتە بەهای ڕەهایان هەبێت لە بەرامبەر تەواوی دەسەڵاتەکان لەچوارچێوەی دەوڵەتدا، ئەمەش لەپێناو پابەندبون و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەت.

لەم بارەیەوە ناوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە لەچوارچێوەی ناونیشانی (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری) باسکردنە لە بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری، و جێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە لەلایەن هەریەک لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)، هەروەها پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن خودی قەزای دەستوریەوە، بەپێی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی.

**کلیلە وشەکان:** بڕیارەکان، جێبەجێکردن، پاشگەزبونەوە.

## پێشەکی

**بەرایی:** بێگومان دەستور لە لوتکەی هەرەمی یاسایی دەوڵەت دێت، و زۆرجار بە دایکی یاساکان ناودەبرێت، بەجۆرێک، کە بە سەرچاوەی هەمو یاساکان دادەنرێت، و سیستەمی سیاسی وڵاتەکە و تایبەتمەندی و دەسەڵاتی دامەزراوە دەستورییەکان دیاریدەکات، لەگەڵ لەخۆگرتنی ماف و ئازادییەکان و گەرەنتی پاراستنیان، جا بەهۆی گرنگی ئەو بابەتانەی، کە دەستور لە دەوڵەتدا ڕێکیاندەخات، و بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی، کە لە جێبەجێکردنی حوکمەکانی دەستوردا دروستدەبن، هەروەها بۆ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی هەر ناڕونییەک، کە لە دەستوردا هەبێت پێویستیمان بە دامەزراوەیەک دەبێت، تاوەکو بەم ئەرکانە هەستێت، کە ئەویش لە سیستەمێکی یاسایی بۆ سیستەمێکی یاسایی دی دەگۆڕێت، ئەم دامەزراوەیە یان دەستەیەکی دادوەرییە یاخود ئەنجومەنێکی دەستورییە، کە زۆرجار خۆی لە (قەزای دەستوری)دا دەبینێتەوە، و ئەم دامەزراوەیە تایبەتکارییەکانی پیادەدەکات بەپێی دەستور و یاسا لەڕێگای دەرکردنی بڕیارەکانی و یەکلاکردنەوە و ئەو کێشەو ناکۆکیانەی دێنە بەردەمی، هەروەها بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتەدی، کە قەزای دەستوری لەپێناو دامەزراوە و ئەم دامەزراوەیە گرنگی و هەژمونی هەبێت بەسەر تەواوی دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەت و پێویستە بڕیارەکانی هێزی پابەندیان و بەهای ڕەهایان هەبێت بۆئەوەی دامەزراوە دەستورییەکانی وڵات پێیانەوە پابەندبن و جێبەجێیانبکەن.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین تیشک بخەینە سەر ڕاددەی پابەندبون و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەتەوە، بەجۆرێک هەریەک لە بابەتەکانی بەهای یاسایی بڕیارەکانی قەزای دەستوری، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن هەریەک لە دامەزراوە دەستورییەکانی (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری)ەوە دەخەینە بەرباسی لێکۆڵینەوە.

**کێشەی توێژینەوە:** گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنی بڕیار و حوکمەکانی قەزای دەستوری زۆرن، وەکو گرفتی دیاریکردنی (بەهای یاسایی) بڕیارەکانی قەزای دەستوری، ئاخۆ ڕایە؟ یان حوکمە؟ یاخود بڕیارە؟ و یەکێکی تر لە کێشەکانی توێژینەوە خۆی لە بابەتی ئەرکی دەسەڵاتە گشتییەکاندا دەبینێتەوە لەبواری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری، واتە ئەرکی ئەم دەسەڵاتە گشتیانە چی دەبێت لەبواری جێبەجێکردنی بڕیارەکان؟ ئایا ئەرکی دەسەڵاتی یاسادانان چی دەبێت لە بەرامبەر بڕیارەکانی قەزای دەستوری؟ و ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن چی دەبێت بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری؟ هەروەها ئەرکی خودی قەزای دەستوری چی دەبێت لە بەرامبەر بڕیارەکانی خودی خۆی و ئەرکی دادگاکانی تریش چی دەبێت لە بواری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری.

یەکێکی تر لە کێشەکانی توێژینەوە خۆی لە بواری (العدول) پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی قەزای دەستوریدا دەبینێتەوە، ئایا قەزای دەستوری دەتوانێت لە بڕیارێکی پێشتری پاشگەزببێتەوە؟ ئایا بەچ میکانیزمیەتێک ئەم قەزایە دەتوانێت لە بڕیارەکانی پێشوی خۆی پاشگەزببێتەوە؟

**پرسیاری توێژینەوە:** پرسیاری توێژینەوەمان لەچوارچێوەی ناونیشانی (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری)دا خۆی دەبینێتەوە لەوەی، کە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا بەگشتی و قەزای دەستوری بەتایبەتی جێگەی مشتومڕە، ئایا ئەو ئامرازانەی لە بەردەست دەسەلاتە گشتییەکانن (یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری) دەتوانن ببنە هۆکاری جیبەجێکردنی بڕیارەکان، ئایا یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدرالی عێراقی وەک پێویست بایەخی بەو بابەتە داوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:** گریمانەی توێژینەوەمان لە چوارچێوەی ناونیشانی (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری)دا خۆی دەبینێتەوە لەوەی، نەبونی چوارچێوەیەکی یاسایی و دەستوری دروست و گونجاو و دارشتنێکی باش بۆ بابەتی بڕیار و حوکمەکانی قەزای دەستوری بەجۆرێک کە بەڕونی تەواوی بڕیار و ڕایە ڕاڤەکاریەکانی قەزای دەستوری هێزی پابەندیان پێنەدات لە دەوڵەتدا کاریگەریەکی نەرێنی و ڕاستەوخۆی دەبێت بەسەر بواری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری، چونکە ئەم حاڵەتە بە دواکەوتویی سیستەمی یاسایی و دادوەری دادەنرێت لە دەوڵەتدا، بەدڵنیاییەوە لە ئێستادا لە عێراق بەگوێرەی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدڕالی ئەو گریمانەیە لە ئارادایە، بەو ئومێدەی لە داهاتودا چارەسەری گرفتەکانی بەردەم بڕیارەکانی دادگای ناوبراو بکرێت.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا لەژێر ناونیشانی (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری) لەپێناو خستنەڕوی زانیاریەکان بەشێوەیەکی ڕون و زانستیانە، هەروەها گەیشتن بە ئامانجی ویستراو لە توێژینەوەکەدا، بەشێوەیەکی سەرەکی پشتمان بە میتۆدی شیکاری بەستوە.

**چوارچێوەی توێژینەوە:** چوارچێوەی توێژینەوە کورت دەبێتەوە لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی، لە ساتی دروستبونییەوە لەساڵی ٢٠٠٥، تاوەکو ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، هەروەها خستنەبەرباسی پابەندی دەسەلاتە گشتییەکان بەجێبەجێکردنی بڕیارەکان.

**گرنگی توێژینەوە:** یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی دەوڵەتی دیموکراتی سەروەری یاسایە، سەروەری یاساش خۆی لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگادا دەبینێتەوە، ئەمەش پابەندبونی دەسەلاتەکان بەگشتی و

هاوولاٌتیان بەتایبەتی بە ملکەچبونیان بۆ بڕیارەکان، گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە چوارچێوەی پابەندی دەسەلاٌتەکان دیاریدەکات بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری.

## ١- بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری و جێبەجێکردنیان

**بەرایی:** ئەم بەشە دابەشدەکەین بەسەر دو لقدا: لقی یەکەم (بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری و چوارچێوە زەمەنییەکەی)، کە تیایدا هەوڵدەدەین بابەتی بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری بخەینە بەرباسی لێکۆڵینەوە، لقی دوەم: (مەبەست لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری)، کە هەوڵدەدەین بابەتی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بەشێوەیەکی گشتی ڕونبکەینەوە.

### ١٠١ بەهای (حجية )ی بڕیارەکانی قەزای دەستوری و چوارچێوە زەمەنییەکەی

سەبارەت بە بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری ئەم بابەتە پەیوەستە بە سیستەمی یاسایی و دادوەری دەوڵەت، هەروەها ئەو چوارچێوە و ڕێکخستنە دەستورییەی، کە دەستوری و بۆ ئەم بابەتەی دیاریکردوە.

مەبەست لە بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری واتە بونی هێزی پابەندی ئەم بڕیارانەیە لەبەرامبەر ئەو لایەنانەی بڕیارەکەیان پێوە پەیوەستە و هەمیش تەواوی دامودەزگا دەستوری و دادوەرییەکانی تری دەوڵەت،(مجيد، ٢٠١٩، ٤٣٨)، و بونی بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری هەم لایەنی ئەرێنی هەیە و هەم لایەنی نەرێنی، مەبەست لە لایەنە ئەرێنییەکەی ئەوەیە، ئەگەرهاتو بڕیارەکانی قەزای دەستوری خاوەنی بەهای خۆیان بن، ئەوا گرنگی ڕێزگرتن لەم بڕیارانە زیاتر دەردەکەوێت یان لانی کەم گریمانەی ئەوە دەکەین، کە ڕێز لەو بڕیارانە دەگیرێت، جا چ لەلایەن لایەنەکانی داواکەوە بێت یاخود لەلایەن تەواوی دامەزراوە دەستورییەکانی ولاٌتەوە بێت، و ڕۆڵی قەزای دەستوری زیاتر دەردەکەوێت لە یەکلاکردنەوەی کێشەکان هەروەها و شکۆی دادگا و سەروەری یاسا زیاتر فەراهەم دەبێت، لەهەمانکاتدا بونی بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری هەندێ جار لایەنی نەرێنیشی هەیە، وەکو ئەوەی ئەو لایەنەی بەپێی یاسا مافی بەرزکردنەوەی داوای هەیە بۆ بەردەم قەزای دەستوری ڕەنگبێ لە ترسی جێبەجێکردنی بڕیارەکەی قەزای دەستوری، کە خاوەنی بەهای یاسایین ئەم بابەتە نەباتە بەردەم قەزای دەستوری، نەوەک بڕیارەکە لە بەرژەوەندی یاخود بە ویستی ئەم لایەنە نەبێت، بۆیە ئەمەش وادەکات قەزای دەستوری هەندێ جار و لە هەندێ کاتی دیاریکراودا ئەم ڕۆڵە گرینگەی لەدەستبدات، کە لە ڕێکخستنی دەستوری ولاٌتەکە دیاریکراوە، چونکە هەروەک ڕونە قەزای دەستوری لە ولاٌتدا ڕۆڵێکی ئێجگار گرینگی هەیە لە یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی دروست دەبن لە ئەنجامی جێبەجێکردنی دەقە دەستورییەکان، (جاسم، ٢٠١٩، ٩١)، هەرچەندە ئەم

حاڵەتەش ڕەنگبێ بەدەگمەن ڕوبدات، بەڵام ناتوانین بڵێین ئەگەری ڕودانی نییە، لە حاڵەتەکانی بونی هەڵە لە بڕیارێکی قەزای دەستوری یاخود نادادپەروەری لە بڕیارەکەدا بەهۆی بەهای ڕەهای بڕیارەکەوە بوار بۆ تانەدان و ڕاستکردنەوەی بڕیارەکە نامێنێت، هیچ لایەنێکی دادوەری بۆی نییە پێداچونەوە بە بڕیارەکەدا بکات و بەم جۆرەش ئەو لایەنانانەی پەیوەستن بە داواکە دەبنە قوبانی (حیدق، ٢٠٢٢، ٧٧).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی زۆربەی وڵاتانی دونیا دەبینین بەپێی ڕێکخستنە دەستورییەکانیان بێت ئەو بڕیارانەی لە قەزای دەستوری ئەم وڵاتانە دەردەچن بەهای یاسایی خۆیان هەیە و تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پێیانەوە پابەنددەبن(سليم، ٢٠٠٠، ١٦)، واتە دەتوانین بڵێین ئەزمونی زۆربەی وڵاتان بەشێوەیەکی گشتی هاوشێوەیە لەگەڵ چەند جیاوازیەک لە نێوانیاندا، بەتایبەت هەریەک لە وڵاتانی عێراقی فیدڕاڵ و ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و میسر، کە بەپێی سیستەمی دەستوری و یاسایی و لایەنی پراکتیکی ئەم وڵاتانە بێت بڕیارەکانی قەزای دەستوری ئەم وڵاتانە کۆتایین و یەکلاکەرەوەن بۆ ئەو کێشانەی، کە دێنە پێش قەزای دەستورییەوە، واتە کاتێ کە ئەو بڕیارانە دەردەکرێن لەلایەن قەزای دەستوریەوە بنبڕن و ناتوانرێت تانەیان لێبدرێت لەبەردەم هیچ لایەنێکی دادوەری یاخود هەر دامەزراوە و لایەنێکی تر لە دەوڵەتدا. (عوفي، ٢٠٢٠، ٦٧٦)

بۆئەوەی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بەهای یاساییان بۆ دروست ببێت، پێویستە لەسەرەتادا ئەم بڕیارانە بڵاوبکرێنەوە بەپێی ئەو ڕێکارانەی لە یاسا و دەستوری دەوڵەت دیاریکراون، و لەڕێگای ئەو ئامرازەی، کەوا دیاریکراون لە یاسا و دەستوردا، کە بەزۆری خۆی لە ڕۆژنامەی فەرمیدا دەبینێتەوە(الطهراوي، ٢٠٠٧، ٨٥)، هەروەکو ئەزمونی عێراق، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی بڕیارەکانی لە سایتی ئەلیکترۆنی دادگا یان ئەوەی بەباشی دەزانێ لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاویان دەکاتەوە.(پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی، ٢٠٢٢، مادده: ٣٦)

سەبارەت بە ڕێکخستنی دەستوری بۆ بابەتی بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری لە عێراق، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ لە مادده (٩٤) بەم جۆرە ئاماژەی بە بەهای بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕالی کردوە: (بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی بنبڕن و پابەندین بۆ هەمو دەسەڵاتەکان).(دەستوری کۆماری عێراقی، ٢٠٠٥، مادده: ٩٤).

سەبارەت بە مێژوی پیادەکارییەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی لەکاتی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشەو ناکۆکیانەی دێنە پێشی لەڕێگای بڕیارەکانییەوە، کە بەپێی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، دەبینین ئەم بڕیارانە بەهای ڕەهایان هەیە بۆ گشت دامەزراوەکانی دەوڵەت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و پرسیاری

توێژینەوەمانە ئەوەیە ئایا هەمو ئەو بڕیارانەی لە دادگای باڵای فیدراڵی عێراقییەوە دەردەچن هەمان بەهای ڕەهایان هەیە بەرامبەر دامودەزگاکانی دەوڵەت، یاخود لە یەکتری جیاوازن؟ چونکە دادگای باڵای فیدرالی عێراقی لە هەندێ کێشەی پەیوەست بە شیکردنەوەی دەقەکانی دەستور بە (ڕا) و لە هەندێک کێشەی تر بە (بڕیار)ی وەرگرتوە، واتە هەمان ناو نییە لەلای دادگای باڵای فیدراڵییەوە عێراقیەوە، ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی مادده (٩٤)ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥) بێت، کە تیایدا هاتوە: (بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی بنبڕە و پابەندیە بۆ هەمو دەسەڵاتەکان)، (هەمان دەستوری پێشو،٢٠٠٥، مادده: ٩٤) واتە بەپێی ئەم ڕێکخستنە دەستورییە بێت تەنها باسی بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی کردوە بەبێ ئاماژەدان بەو (ڕا)یانەی لەلایەن هەمان دادگایەوە دەردەکران، کەچی لە دادگای ناوبراو هەم (بڕیار) و هەم (ڕا) بونیان هەبو و بەو ناوانە دەردەکران، بێگومان ئەگەر لەڕوی دەستوری و یاساییەوە لەم بابەتە بکۆڵینەوە دەبینین جۆرێک لە ناڕونی بونی هەیە سەبارەت بە بەهای یاسایی ئەو (ڕا)یانەی لەلایەن دادگای باڵای فیدراڵی عێراقیەوە دەرکراون، چونکە لە دەستوری ساڵی ٢٠٠٥دا باسی بەهای ئەو (ڕا)یانە نەکراوە، هەربۆیە دەکرێت ئەم ناڕونییەی لە ڕێکخستنە دەستورییەکەدا بونی هەیە وەکو بەڵگە لە دژی ئەو (ڕا)یانە بەکاربێت لەلایەن ئەو لایەنەی ئەم (ڕا)یە لە بەرژەوەندی ئەوان نییە، هەر لەم ڕوانگەیەوە پێشنیازی ئەوە دەکەین، کە ئەو دەقە ڕونتر دابڕێژرێتەوە و باسی بەهای بیروڕاکان و ڕاڤەکردنەکانیش (ڕا)یەکانیش بکات.

بەپێی ئەزمونی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لە پیادەکردنی تایبەتکارییەکانیدا بێت، ئەم دادگایە لە سەرەتادا بە (ڕا)ی وەرگرتبو لەبواری شیکردنەوەی دەقەکانی دەستور، و ئەم ئاراستەیە بەردەوام بو لە ساڵی ٢٠٠٦ەوە تاوەکو ناوەڕاستی یەکەمی ساڵی ٢٠١٠، بەڵام لەم ساڵە بەدواوە دادگای باڵای فیدراڵی لەکاتی یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکیەکان بە (بڕیار)ی وەرگرت،(محمدامین، ٢٠٢٠، ٩٨) ئەمەش بەپێی بڕیارێکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لە ساڵی٢٠١٠، واتە لەم ڕێکەوتە بەدواوە دادگای باڵای فیدراڵی بە (بڕیار)ی وەرگرت، تاڕاددەیەک ئەم کێشەیەی چارەسەرکرد. (بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، ژمارە ٥١/اتحادية/٢٠١٠، ٢٠١٠/٧/١٢)

هەرچی پەیوەستە بە بابەتی (چوارچێوەی زەمەنی بەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری) دو ئاراستەی جیاواز هەیە بۆ ڕونکردنەوەی ئەم بابەتە، لێرەدا هەوڵدەدەین بە کورتی تیشکیان بخەینە سەر:

١- ئاراستەی (بۆچونی) یەکەم: لایەنگرانی ئەم ئاراستەیە، وەکو (د. علي هادي عطية الهلالي)، کە پێیانوایە ئەو بڕیار و (ڕا)یانەی لە قەزای دەستورییەوە دەردەچن وەکو ڕێسای گشتی کاریگەریان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێیە، بەڵام دەکرێت وەکو ڕیزپەڕ (استثناء) کاریگەریان بگەڕێتەوە بۆ ڕابردو.

٢- ئاراستەی (بۆچونی) دوەم: بەڵام ئاراستەیەکی تر هەن، وەکو (د. عصام انور سليم) پێیانوایە وەکو ڕێسای گشتی ئەو بڕیار و (ڕا)یانەی لە قەزای دەستورییەوە دەردەچن کاریگەریان ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری دەگەڕێتەوە بۆ پێش کاتی دەرچونیان، واتە کاریگەرییەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردو.

لایەنگرانی ئەم ئاراستە (بۆچون)ە هۆکاری گەڕانەوەی کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری بۆ کاتی پێش دەرچونیان دەگەڕێننەوە بۆ ئەوەی ئەم بڕیارانە تایبەتمەندی دەرخەر (ئاشکراکەر)یان هەیە، نەوەک دروستکەر، واتە ئەو بڕیارانە هیچ ماف و ئەرکێکی دەستوری و یاسایی نوێ دروست ناکەن، چونکە نابنە هۆی دروستکردنی هیچ (پێگە و بارودۆخێکی یاسایی) نوێ، بەڵکو ئەم ماف و ئەرکە دەستوری و یاساییانە پێش دەرچونی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بونیان هەبوە و پێشتر دروستبون و ڕۆڵیان تەنها دەرخستنی (ئاشکراکردن)ی ئەم ماف و ئەرکانەیە، و ئەم گەڕانەوەیەی کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری زیاتر لەبواری (ڕایە ڕاڤەکاریان)دا دەردەکەوێت.(جاسم، سەرچاوەی پێشو، ١٢٢).

هەر سەبارەت بە (چوارچێوەی زەمەنی بەهای بڕیارەکانی) قەزای دەستوری، کاتێ باس لە (بنەمای گەڕانەوەی) کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری بۆ کاتی پێش دەرچونیان دەکەین، ئەوا ناتوانین بەشێوازێکی ڕەها بە بنەمای ناوبراو وەربگرین، بەڵکو بابەتەکە ڕێژەییە، بێگومان ئەمە سەرەڕای ئەوەی، کە لایەنگرانی ئاراستە (بۆچون)ی گەڕانەوەی کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری بۆ کاتی پێش دەرچونیان پاساوی بەهێزتریان هەبون لە لایەنگرانی ئاراستەی (بۆچون)ی یەکەم، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناکرێت ئەم بنەمایە بە ڕەهایی جێبەجێ بکرێت، لەبەرئەوەی ئەم بنەمایە لە هەندێ کاتدا دەکرێت دژیەک بێت لەگەڵ بنەماکانی دادپەروەری و ماف و ئازادییەکان، بێگومان بابەتی ماف و ئازادییەکانیش زۆربەی جار لە دەستوری دەوڵەتدا ڕێکخستنیان بۆ دەکرێت و ڕەهەندێکی دەستورییان هەیە، بۆیە، ئەگەر بنەمای گەڕانەوەی کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری جێبەجێبکەین دەبینین زیانی دەبێت بۆ هەندێ (ماف و پێگەی یاسایی)، کە خودی ئەو دەستورەی بڕیارە ڕاڤەکاریەکەی لەبارەوە دەرچوە بنیاتیناون، بەتایبەت ئەو ماف و پێگە یاساییانەی لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەدا ڕێکخراون، کە بەهۆی نادەستورییانەوە لەلایەن قەزای دەستوریەوە هەڵدەوەشێنەوە (ساري، ٢٠٠٥، ٢٨٥). ئەوە لایەنە فقهییەکەی بو، کە هەر ئاراستەیەک کۆمەڵێ پاساوی هەبو، بەڵام سەنگی محەک لەو بابەتەدا خودی دەستور و یاسای دادگایە، ئەگەر ڕێکخستنیان بۆ ئەم بابەتە کردبو، بەڵام ئەگەر ئەم بابەتە ڕێکنەخرابو لەچوارچێوەی دەستور و یاسای قەزای دەستورییدا، ئەوا خودی بڕیارەکانی قەزای دەستوری تحکوم بەو بابەتەوە دەکەن، وەکو ئەزمونی عێراق.

سەرەڕای ئەوەی قەزا دەستورییەکان لە وڵاتان هەڵوێستیان جیاوازە لەمەڕ پرسی چوارچێوەی زەمەنی (کاتی) بڕیارەکانی قەزای دەستوری و کاریگەری ئەم بڕیارانە لەڕوی (کات)ەوە ڕابردو و داهاتوەوە، واتە وڵاتانیش بەشێوەیەکی گشتی بەسەر ئەم دو ئاراستە (بۆچون)ی باسکران دابەشبون، بێگومان ئەمەش بەپێی سیستەمی یاسایی و دەستوری وڵاتەکە و ئەو ڕێکخستنە دەستوری و یاساییەی بۆ ئەم بابەتەکراوە، بەپشتبەستن بە پاساوەکانی هەریەک لە دو ئاراستە (بۆچون)ی ئاماژەپێکراو، واتە لە هەندێ وڵات کاریگەری بڕیارەکان ڕاستەوخۆیە و لە هەندێ وڵاتیتر کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردو، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزمونی عێراق دەبینین یاسادانەری دەستوری و یاسایی ئەم وڵاتە هیچ هەڵوێستێکی ڕونی نییە لەبارەی کاریگەری بڕیارەکانی قەزای دەستوری، ئایا ڕاستەوخۆیە یاخود کاریگەریان دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردو، کە جێگای سەرنج و تێبینییە، بەڵام دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی تاڕادەیەک ئەم بۆشاییە دەستوری و یاساییەی چارەسەرکردوە، ئەمەش لە ڕێگای بڕیارێکی دادگاوە لە ڕێکەوتی ١٢/ ٢/ ٢٠١٨، بەپێی ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی بێت کاریگەری بڕیارەکانی دادگای ناوبراو ڕاستەوخۆ و دەستبەجێن و لە ڕێکەوتی دەرچونیانەوە جێبەجێدەکرێن، واتە کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ناگەڕێتەوە بۆ ڕابردو، و بەم پێیە بێت کار بە بنەمای گەڕانەوەی کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بۆ ڕابردو ناکرێت، ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵیش لە میانەی پرسیارێکدا بو، کاتێ ئاراستەی دادگا کرا بۆ دیاریکردنی کاریگەری بڕیارەکانی بەتایبەت لە بواری نادەستوریبونی یاساکان.(بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، ژمارە/٢٨/اتحادیة/٢٠١٨، ٢٠١٨/٢/١٢)، بێگومان دادگای باڵا توانای چارەسەرکردن و یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیەی هەیە، بەهۆی بونی (بەهای ڕەهای) بڕیارەکانی دادگا و هێزی پابەندی ئەم بڕیارانە بۆ گشت دەسەڵاتەکان لە دەوڵەت، ئەمەش بە بەڵگەی مادده (٩٤)ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.(هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، مادده: ٩٤)

## ١٠٢ مەبەست لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری

چوارچێوەی دامەزراوەیی دادگا دەستورییەکان لە یەکتری جیاوازن، بەتایبەتیش لەبواری بنەماکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی، چونکە ئەو بنەمایانە لە دادگایەکەوە بۆ دادگایەکی تر جیاوازە، لەبەرئەو هۆیەشە پێوەرێکی هاوبەش نییە بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی دادگا دەستورییەکان.

جێبەجێکردنی بڕیار لەبواری قەزای دەستوری جیاوازە لە قەزای ئاسایی، بەهۆی جیاوازی بەرژەوەندی و ئەو پێگە یاساییەی، کە بڕیارە دەستوریەکە پارێزگاری لێدەکات، بۆیە ئامرازەکانی جێبەجێکردنی بەزۆر، کە لە یاسای دادبینی شارستانی هاتون، ناتوانرێت لەبواری حوکمی دەستوری کاری پێبکرێت.

گومانی تێدا نییە حوكمی دەستوری سروشتەكەی بڕیاردەری ئاشكراكەرە (كاشف)، ئەو حوكمە نابێتە هۆی هێنانە كایەی بابەتێكی نوێ، یا پێگەیەک یا دۆخێک، کە پێشتر نەبوبێت.(البحيري، ٢٠٠٣، ٤٩)

لەسەر ئەو بنەمایەش جێبەجێكردنی حوكمی دەستوری دەبێت خۆڕسكانە و ئارەزومەندانە بێت، ئەمەش نایەتەدی تەنها بەجێبەجێكردنی كردەوەیی نەبێت، ئەو جێبەجێكردنەش لەچوارچێوەی داوای دەستوری دەبێت بەهۆی تایبەتمەندییەكەی، چونكە هەندێک جار حوكمەكە ئەگەری ئەوەی هەیە بەشێوەیەكی تەواوی دەرنەچوبێت، وەک ئەوەی حوكمێک دەرچوبێت بە هەڵوەشاندنەوەی دەقێكی نادەستوری، كە پێویست بەوە دەكات پێشنیاری ئیدارە و پڕۆژە یاسای بەدیل (جێگرەوە) هەبێت بۆ هێنانەدی مەبەستەكەی، یا فەرامۆشكردنی ئەوەی، كە پێویست بە فەرامۆشكردن دەكات.(حيدق، ٢٠٢٢، ٣٥).

بنەمای پابەندبونیش بۆ جێبەجێكردنی حوكمی دەستوری، دەگەڕێتەوە بۆ پرەنسیپی (باڵایی دەستور) لەڕوی ڕواڵەتی و بابەتی ئەوە لەلایەک و لەلایەكی ترەوە بنەمای یاساییە، كە پێویستە بەبیانوی حوكمی بڕیارلێدراو.

پێمانوایە دامەزراوەی یەكەمی ڕاسپێردراو لەبواری گەرەنتی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی قەزای دەستوری، خودی قەزای دەستورییە، بۆیە جێگەی سەرسوڕمان نییە، كە لەڕوی پیادەكردنەوە لەسەر ئاستی چوارچێوەی دادپەروەری دەستوری، خودی قەزای دەستوری بەدواداچون بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی دەكات و هەماهەنگی پێویست بۆ ئەو پرۆسەیە دەكات.((manasyan, 2015, 194

لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا هیچ پێوەرێكی هاوبەش نیبە بۆ دیاریكردنی لایەنی پابەند و بەرپرس بە جێبەجێكردنی بڕیارەكانی قەزای دەستوری.((Andriyvna, 2018, 56

بەگەڕانەوەمان بۆ دەستوری هەندێ وڵات دەبینین ئاماژە بە بابەتی پابەندنەبون بە بڕیارەكانی قەزای دەستوری كراوە، وەكو ئەزمونی وڵاتی ئیسپانیا، كە بەگوێرەی هەمواری دەستوری ئیسپانی ساڵی ٢٠١٥، دەسەڵات بە قەزای دەستوری درا، كە لەخۆیەوە ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر بۆ جێبەجێكردنی بڕیارەكانی، بەگوێرەی مادده (٩٥) دەتوانرێت سزای پێبژاردن بسەپێنێت بە بڕێک لەنێوان (٦٠٠-٣٠٠٠) یۆرۆ، لەسەر هەر كەسێک، كە پابەندنەبێت بە بڕیارەكانی قەزای دەستوری.(دەستوری هەمواركراوی ئیسپانی، ٢٠١٥).

هەرچی یاسادانەری میسرییە لە ماددەكانی (٤٨/ و ٤٩یەكەم) لە یاسای ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧٩، جەخت لەسەر پابەندبون و یەكلایكەرەوەیی بڕیارەكانی قەزای دەستوری دەكاتەوە لەبەرامبەر دەسەڵاتە گشتییەكانی دەوڵەت و تاكەكان.(یاسای دادگای باڵای دەستوری میسری، ١٩٧٩).

هەروەها بەپێی دەستوری هەموارکراوی میسری ساڵی ٢٠١٤ پابەندنەبون بە بڕیارەکانی قەزای دەستوری تاوانە، و سەرپێچیکار سزادەدرێت. (دەستوری هەموارکراوی میسری، ٢٠١٤، ١٠٠)

هەرچی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی (٢٠٠٥)ە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی یەکلاکەرەوەن و پابەندکەرن بۆ گشت دەسەڵاتەکان.(دەستوری کۆماری عێراقی، ٢٠٠٥،مادده: ٩٤)

لێرەدا یاسادانەری دەستوری عێراقی سەرکەوتو نەبوە لە داڕشتنی ئەو دەقەدا، چونکە سیفەتی پابەندبونی بۆ هەمو لایەنەکان لەخۆنەگرتوە، بەڵکو تەنها بەرامبەر دەسەڵاتەکانە، بێئەوەی ئاماژە بە تاکەکان بکات.(یونس و کریم، ٢٠٢٠، ٥٣٩– ٥٤٠)

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤، بابەتی پابەندنەبونی بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی ڕێکخستبو، بەشێوەیەک ئەگەر پابەندنەبون بە بڕیارەکانی دادگا ڕویدا، ئەوا بۆ دادگای ناوبراو هەیە بڕیارێک دەربکات بەوەی، کە دادگا قێزەوەنکراوە، لەدەرەنجامی ئەوەشدا ڕێوشوێنی پێویست بگیرێتەبەر.(یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە، ٢٠٠٤، مادده: ٤٤/د).

هەرچی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ە، ئاماژەی بە حاڵەتی جێبەجێنەکردنی بڕیارەکانی دادگای ناوبراو داوە، کە لایەنی پێشێلکار ڕوبەڕوی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەبێتەوە.(هەمان پەیڕەوی ناوخۆی پێشو، ٢٠٢٢، مادده: ٣٦).

لەڕاستیدا ئەو ماددەیەی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی ئاراستەی کەسی سروشتی کراوە، چونکە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری، تەنها ڕوبەڕوی کەسی سروشتی دەکرێت، هەرچی کەسە مەعنەوییەکانە ئەوا بەهۆی سروشتی کەسایەتییەکانیان ناتوانرێت سزای تاوانکاریان بەسەدا جێبەجێبکرێت.

بەڵام لە هەمو حاڵەتێکدا بێبەشکردنی دادگای باڵای فیدراڵی بەوەی ویلایەتەکەی درێژدەبێتەوە بۆ لابردنی بەربەستەکانی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەبێتە هۆی لەبارچونی مافی دادبینی لەچوارچێوەی پاراستنی دادگەری لەبەرامبەر دادگای باڵای فیدراڵی، چونکە حوکمە دادوەرییەکان هیچ بەهایەکیان نابێت، ئەگەر جێبەجێنەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا میکانیزمەکانی بەردەم لابردنی بەربەستەکانی جێبەجێکردنی حوکمەکانی دادگای باڵای فیدراڵیدا، هەم لە یاساکە و هەمیش لە پەیڕەوی ناوخۆییەکەیدا پێویستیان بە ڕونکردنەوەی زیاترە بۆ بنبڕکردنی گفتوگۆکان لەوبارەیەوە.(الهلالي، ٢٠٢٢، وەرگیراوە لەپێگەی ئەلیکترۆنی: www.iraqfsc.iq).

جێبەجێکردنی حوکمە دادوەرییەکان سەبارەت بە دەوڵەت ئەرکێکی یاساییە، لەڕوی واقعییەوە حوکمە دادوەرییەکان ناتوانرێت بەزۆر لەبەرامبەر دەوڵەت جێبەجێبکرێت، چونکە ئەو حوکمانە هیچ بەهایەکیان نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە گوزارشتن لە ئەرکێکی یاسایی.(باهي، ٢٠١١، ٣٨).

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بە پلەی یەکەم لەسەر ئاستی ڕۆشنبیری دەستوری و سیاسی کۆمەڵگا دەوەستێت، ئەوەش مانای ئەوە دەگەیەنێت، کە ئامانجی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری، تەنها لەو بارودۆخانە دەبێت، کە هەمو بڕیارەکانی قەزای دەستوری ڕێزلێگیراوبن لەلایەن دامودەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتەکانی.(196، سەرچاوەی پێشو .(Manasyan,

٢- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن

ئەم بەشە بەسەر دو لقدا دابەشدەکەین لقی یەکەم: جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان.

لقی دوەم: جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن.

٢٠١ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان

دەسەڵاتی یاسادانان وەکو یەکێک لە گرینگترین دەسەڵاتەکانی دەوڵەت هەڵدەستێ بە پیادەکردنی تایبەتکارییەکانی خۆی، کە گرینگترینیان خۆیان لە دەرکردنی یاسای ئاسایی و چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەبیننەوە،(بەرزنجی، ٢٠١٩، ١٦٤).

هەروەک ئاماژەمان پێدا لەسەرەتادا بۆئەوەی دەسەڵاتی یاسادانان و تەواوی دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەت پابەندبن بە بڕیارەکانی قەزای دەستوری و ئەم بڕیارانە بەهای ڕەهای بۆ دروست ببێت، پێویستە بڵاوبکرێنەوە، وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقیدا لە مادده ٣٦دا ئاماژە بەپابەندی و پێویستی بڵاوکردنەوەی بڕیارەکانی دادگای ناوبراو کراوە لە ڕۆژنامەی فەرمی و پێگەی ئەلیکترۆنی دادگا (هەمان پەیڕەوی ناوخۆی پێشو، ٢٠٢٢، مادده: ٣٦).

جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان خۆی لە دو بواردا دەبینێتەوە:

## ١- چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان:

حوکمدان بە نادەستوریبونی دەقی یاسایەک، پێویست بەوە دەکات دەخالەتێکی یاسادانەر هەبێت بۆ دانانی بەدیلێکی ئەو دەقە نادەستورییە هەڵوەشاوە، چونکە قەزای دەستوری جێگەی یاسادانەر ناگرێتەوە لە هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنی یاساکان هەروەها دەرکردنی یاسایەکی بەدیل، بەو پێیەی ئەوە لە تایبەتکاری یاسادانەرە، لەسەر ئەم بنەمایەی خوارەوە(حیدق، سەرچاوەی پێشو، ١٣٠-بەدواوە):

١- پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، و دەستوەرنەدان لەکاروباری دەسەڵاتی یاسادانان.

٢- سنوری دەسەڵاتی هەڵسەنگێنەری یاسادانەر بێ پابەندکردنی بەدەرکردنی یاسا.

لەلایەکی تریش، ئەگەر یاسایەک دەستوری نەبو، ئەوا بەحوکمی دەستوری زۆرێک لە دەوڵەتان بە هەڵوەشاوە دادەنرێت، وەکو دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، واتە بڕیارەکەی قەزای دەستوری، تەنها ڕۆڵی ئاشکراکردنی (کاشف) نادەستوریبونی یاسایەکە دەبینێت، نەوەک ڕۆڵی دروستکەر، چونکە لێرەدا خودی دەستورەکە یاساکەی هەڵوەشاوەتەوە، و قەزای دەستوریش، تەنیا نادەستوریبونەکەی ئاشکراکردوە(دەستوری کۆماری عێراقی، ٢٠٠٥، مادده:١٣، بڕگەی/ دوەم).

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پیادەکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لەبواری چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان دەبینین چەندین بڕیار لەم بارەیەوە هەن، هەروەکو دادگای ناوبراو لە بڕیارێکیدا لەبارەی کورسی کۆتای ئێزیدییەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دابینکردنی یەک کورسی بۆ ئەم پێکهاتەیە کەمە، وەک ئەوەی لە یاسای ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنی ژمارە (١٦ی ساڵی ٢٠٠٥)دا هاتوە، چونکە بڕگەی (ب)ی مادده (١/ سێیەم) نادەستوریە، بۆیە دادگا بڕیاری بەنادەستوری بونی دا، پێویستە پێکهاتەی ئێزیدی ژمارەیەک کورسیان پێببەخشرێت، کە لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانیان گونجاو بێت... (بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، ژمارە ١١/اتحادیة، ٢٠١٠/٦/١٤).

بەڵام یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣ (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، ٢٠١٣)، کە دوای بڕیارەکە دەرچو، لە بڕگەی (دو)ی مادده (١١)، تەنها یەک کورسی تەرخانکردوە بۆ پێکهاتەی ئێزدی، (هەمان یاسای پێشو، مادده: ١٣/ بڕگەی/دوەم/خاڵی/ب) و لە یاسای ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠ی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانیش (یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، ٢٠٢٠)، نەیتوانی بابەتی کەمایەتیەکان ڕێکبخات بەپێی دەستور و بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی.

دەخالەتکردنی یاسادانەر، هۆکارێکی پێویستی پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە یاساییە، کە دوای حوکمدان با نادەستوری دەقەکە دروستدەبێت.(سید، ٢٠٠٤، ل٤٢٠).

کەواتە دەخالەتکردنی یاسادانەر بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکە دەبێت، چونکە دەقەکە هەڵدەوەشێتەوە، هەروەک دادگای باڵای فیدڕاڵی لە بڕیارەکانی جەختی لەسەر کردۆتەوە " ... هەڵوەشاندنەوەی لە ڕێکەوتی ئەو بڕیارە ... و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ داڕشتنی دەقێکی بەدیل....." (بڕیاری دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی ژمارە ٤٣/اتحادیة، ٢٠٢٢/٢/٢٢).

## ٢- بێدەنگبونی یاسایی:

سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە لەبواری بێدەنگی یاساییەوە، وەکو ڕێسای گشتی هەمیشە دەستور ئەو بابەتانە ڕێکدەخات، کە گرنگن و ناچێتە ناو وردەکاریەوە، و ڕێکخستنی تەواوی پەیوەندییەکانی تری ژیانی کۆمەڵگا بۆ یاسادانەری یاسایی بەجێدەهێڵێت، و هەرکاتێ یاسادانەری دەستوری ڕێکخستنی دەستوری بۆ بابەتێک نەکرد، کە ڕەهەندێکی دەستوری هەیە، ئەوا بە بێدەنگی دەستوری دادەنرێت، وبۆ یاسای ئاساییش بەهەمان شێوە، هەرکاتێ ڕێکخستنی یاسایی بۆ بابەتییێکی دیاریکراو نەکرا، ئەوا بێدەنگی یاسایی[1]دروست دەبێت،(العبیدي، ٢٠٢٢، ١٢)، زۆرجار بەڵگەنامەی دەستوری بێدەنگدەبێت لە ڕێکخستنی یەکێک لە بابەتەکان لەکاتی داڕشتنی دەستورەکەدا، بەهەمان شێوە دەسەڵاتی یاسادانانیش بەئەرکی خۆی هەڵناستێت بە دەرکردنی یاسا(حسین، ٢٠٢٠، ٢٢٠).

دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی لە چەندین بڕیاریدا هەوڵی چارەسەرکردنی بێدەنگی یاسایی داوە، وەکو لە بڕیاری ژمارە ٧٢/ الاتحادیة/ لە ڕێکەوتی ١/ ١٠/ ٢٠١٢دا ئاماژە بە دەرکردنی یاسای (ئەنجومەنی فیدڕاڵی) دەکات و داوا لە ئەنجومەنی نوێنەران دەکات ئەم یاسایە دەربکات، و ئەنجومەنی نوێنەران پابەند دەکات بە ڕەچاوکردنی ماددەی (١٣٧)ی دەستوری ناوبراو .....(بڕیاری دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی ژمارە ٧٢/اتحادیة، ٢٠١٢/١٠/١).

هەروەها دادگای باڵای فیدڕاڵی لە بڕیاری ژمارە ٥/ اتحادیة/ لە ڕێکەوتی ١٤/ ٢/ ٢٠١٦دا ئاماژە بە پێویستی بونی چەند بابەتێک دەکات لە چوارچێوەی یاسای ئەنجومەنی فیدڕاڵی، لە کاتی دەرکردنی یاسای ناوبراو لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە، وەکو تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی فیدڕاڵی، کە ئەنجومەنی نوێنەران پابەنددەکات بە دیاریکردنی تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی فیدڕاڵی لە چوارچێوەی یاسای ناوبراودا.(بڕیاری دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی ژمارە ٥/اتحادیة/٢٠١٦، ٢٠١٦/٢/١٤).

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە تا کاتی نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجومەنی فیدراڵی پێکنەهاتوە، و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی یاسای ئەنجومەنی فیدراڵی دەرنەکردوە، ئەمە لە کاتێکدایە، کە پابەندە بە دەرکردنی یاسای ناوبراو بە حوکمی مادده (٦٥)ی دەستور و بەپێی بڕیاری ژمارە/ ٧٢/ الاتحادیة/ لە ڕێکەوتی ١/ ١٠/ ٢٠١٢ی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی.

و بڕیاری ژمارە ٢٧/ اتحادیة/ ٢٠٠٩/ لە ڕێکەوتی ١١/ ٨/ ٢٠٠٩ لەکاتی ڕونکردنەوە و پێناسەکردنی مانای زۆرینەی پەڕلەمانی داواکراو بۆ دەنگدان لەسەر بڕیاری هەڵگرتنی پارێزبەندی،(بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە٢٧/اتحادیة٢٠٠٩، ٢٠٠٩/٨/١١) هەروەها لە بڕیاری ژمارە/ ١٥/ اتحادیة/ ٢٠٠٨ لە ڕێکەوتی ٢١/ ٤/ ٢٠٠٨ کاتێ لە ڕێگای ئەم بڕیارەوە تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پابەندکران بە ڕێزگرتن و ڕەچاوکردنی زمانەکانی سریانی و تورکمانی لەم ناوچانەی، کەوا پێکهاتەی دانیشتوانی سریان و تورکمانن، کە لە بڕیارەکەدا هاتوە ئەمە لە کاتێکدابو، کە تا ئەو کات بۆشاییەکی یاسایی بونی هەبو، و ئەم بڕیارە تاڕاددەیەک ئەم بێدەنگییە یاساییەی چارەسەرکرد. (بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ١٥/اتحادیة/٢٠٠٨، ٢٠٠٨/٤/٢١)

سەرەڕای ئەوەی لە مادده (٤)ی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژە بەم بابەتەکراوە، کە لە بڕگەی دوەمدا ئاماژە بە ڕێکخستنی ئەم پرسە دەکات لە ڕێگای یاسایەکی ئاسایی، وەکو: (دوەم- چوارچێوەی دەستەواژەی زمانی فەرمی، و چۆنیەتی جێبەجێکردنی دادکارییەکانی ئەم ماددەیە بە یاسا دیاریدەکرێت و ئەمانە دەگرێتەوە: (........ چوارەم- زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دو زمانی تری فەرمین لەو یەکە کارگێڕیانەی زۆرینەی دانیشتوانەکەی پێکدەهێنن).(هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، مادده: ٤/ بڕگەی/ دوەم)

بەڵام دواتر دەسەڵاتی یاسادانان ئەم بابەتەی ڕێکخست لە چوارچێوەی یاسای زمانە فەرمیەکان ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤.(یاسای زمانە فەرمیەکانی عێراقی، ٢٠١٤)

بەشێوەیەکی گشتی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی بە دو شێوە لە بابەتی بێدەنگبونی یاسایی ڕوبەڕوی دەسەڵاتی یاسادانان دەبێتەوە، یا ڕۆڵی ئاشکراکردنی بێدەنگییەکەی دەبێت، یا ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان دەبێت: ١- ڕۆڵی ئاشکراکەر: لەم حاڵەتەدا قەزای دەستوری، تەنها ڕۆڵی ئاشکراکردنی بێدەنگییە یاساییەکەی هەیە، وەکو دادگای باڵای فیدراڵی لە ساڵی ٢٠٠٨ لە بڕیارێکی ئاماژە بەوە دەدات؛ ......ئەنجومەنی نوێنەران ئەو یاساییەی دەرنەکردوە، کە لە بڕگە (٤)ی مادده (٦١)ی دەستور ئاماژەی بۆکراوە....؛ کە تایبەتە بە یاسای ڕێکخستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دواتر ئەنجومەنی نوێنەران یاسای بەستنی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکانی لە ساڵی ٢٠١٥ دەرکرد (یاسای بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان، ٢٠١٥).

٢- ڕۆڵی ئاگادارکردنەوە: هەندێجار قەزای دەستوری، تەنها ڕۆڵی ئاشکراکردنی کەموکوڕیە یاساییەکەی نییە، بەڵکو دەسەڵاتی یاسادانان ئاگاداردەکاتەوە بە دەخالەتکردن و پڕکردنەوەی ئەو کەموکوڕیە، وەک لە یەکێک لە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵیدا هاتوە "....هەڵوەشاندنەوەی بەشی کۆتایی لە مادده (٣٤/ دوەم) لە یاسای باری کەسی .... ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانان...؛(بڕیاری دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی ژمارە ٥٩/اتحادية/٢٠١١، ٢٠١١/١١/٢١)، بەشێوەیەک دەبێت یاسایەک دەربچوێنێت بەگوێرەی حوکمی دەقی دەقی مادده (٤١)ی دەستوری ساڵی ٢٠٠٥ بێت.

٢,٢ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردن

ئەو بڕیار و حوکمانەی قەزای دەستوری دەریاندەکات هەندێجار پەیوەستن بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پێویستە ئەم دەسەڵاتە هەستێ بە ئەنجامدانی ڕێوشوێنی پێویست بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان، (السنوسي، ٢٠٠٠، ٦٢)، سەبارەت بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەڕوی کردارییەوە لەبواری چاودێریکردنی دەستوریبونی یاساکان لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، دەسەڵاتی ناوبراو پێویستە پابەندبێت بە بڕیارەکە قەزای دەستوری و کارکردن بە جێبەجێکردنی ئەم یاسایەی لەلایەن قەزای دەستوریەوە بە نادەستوری دانراوە ڕابگرێت، بێگومان دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری زۆرجار پێویستی بەدەرکردنی بڕیاری کارگێڕی دەبێت تاوەکو لەڕێگایەوە لایەنی کرداری بڕیارەکە جێبەجێبکات.(حيدق، سەرچاوەی پێشو، ل٢٠).

گومانی تێدانییە یەکێک لە ئەرکەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، تایبەتمەندیەتی بە جێبەجێکردنی حوکمە دەستورییەکان لەسەر ئەو بنەمایەی، کە ئەرکیەتی یاساکان و بڕیارەکان جێبەجێبکات، ئەرکی گەورە دەکەوێتە سەر شانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی یاسا و حوکمەکانی دادگا، بۆیە جێبەجێکردنی حوکمەکانی قەزای دەستوری زۆربەی جار لەئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە، بەو پێیەی پابەندیەکی دەستورییە لەسەر ئەو دەسەڵاتە(فهمي، ٢٠٠٦، ل٤٠٥).

دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەکاتی پیادەکردنی تایبەتکاریەکانیدا پابەندە بە بڕیارەکانی قەزای دەستوری سەبارەت بە نادەستوریبونی یاسایەکی ئاسایی، و ئەو بڕیارانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەریکردون لەسەر بنەمای ئەو یاساییەی لەلایەن قەزای دەستوریەوە بە نادەستوری دانراوە پێش دەرکردنی بڕیاری نادەستوری بونی یاساکە، پێویستە بڕیارەکانی خۆی بکێشێتەوە لەم حاڵەتەی بڕیارەکە ماوەی تانەدانی کۆتایی نەهاتوە و بڕیارە کارگێڕییەکە بە بڕیارێکی کۆتایی دانانرێت، هەتا ئەگەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن بڕیارەکەی نەکێشێتەوە، ئەوا ئەم بڕیارە بە (کشاوە) دادەنرێت لەخۆیەوە، مادام پێچەوانەی بڕیاری قەزای

دەستوریە، بەڵام ئەم بڕیارانەی ماوەی تانەدانیان کۆتایی هاتوە و پێش دەرکردنی بڕیاری قەزای دەستوری دەرکراون جێبەجێدەکرێن و بەشێوازە ئاساییەکەی کۆتاییان پێدێت لە ڕێگای جێبەجێکردنەوە، بەڵام دەسەڵاتی جێبەجێکردن پابەندە بە بڕیاری قەزای دەستوری لەبارەی دەستوریبونی یاخود دەستوری نەبونی یاسایەکی دیاریکراو، واتە لەدوای دەرچونی بڕیاری قەزای دەستوری دەسەڵاتی جێبەجێکردن ناتوانێت بڕیارێک دەربکات پێچەوانەبێت بۆ بڕیارەکەی قەزای دەستوری.(جاسم، سەرچاوەی پێشو، ١٧٢).

کەواتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەڵدەستێ بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارە ئیداریانەی، کە پاڵپشت بە دەقێک دەرچوە، بڕیار بەنادەستوریبونی لێدراوە، بەمەش دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی بەر لە کارپێکردنی دەقە یاساییە ناکۆک بە حوکمەکانی دەستور(المطيري، ٢٠٢٠، ٣٤٢).

سەبارەت بە بابەتی کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لەڕوی جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ یاخود گەڕانەوەی کاریگەریان بۆ ڕابردو، بەتایبەت لەبواری چاودێری دەستوریبونی یاساکانەوە، هەروەک ئاماژەمان پێدا سەرەڕای بێدەنگی دەستور و یاسای ئەم وڵاتە لەم بارەیەوە، بەڵام لەڕوی پراکتیکی و پیادەکاری دادگاوە ڕاستی ئەم بابەتەمان بۆ ڕوندەبێتەوە، ئەمەش بەگەڕانەوەمان بۆ بڕیارەکانی ئەم دادگایە، هەتا خودی دادگای فیدراڵیش لە بڕیارێکیدا بەشێوەیەکی ڕاشکاو ئەم بابەتەی یەکلاییکردۆتەوە، ئەمەش لە بڕیارێکی لەساڵی ٢٠١٨، کاتێ داوا لە دادگای باڵای فیدراڵی کراوە لەبواری ئەو بڕیارانەی بەنادەستوری دەریاندەکات لەسەر یاسا ئاساییەکان، لە بارەشەوە دادگا وەڵامی ئەو داوایەی داوەتەوە بەوەی، کە ئەو بڕیارانەی لە دادگای باڵای فیدراڵی دەردەچن جێبەجێدەکرێن لە ڕێکەوتی دەرچونیانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، تەنیا لەو جۆرە بڕیارانە نەبێت، کە لە خودی بڕیارەکەدا بەروارێکی دیاریکراوی دەستنیشانکردبو بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکە.(بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/ ٢٨/اتحادية، ٢٠١٨/٢/١٢).

بۆ نمونە دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی بڕیاری نادروستی فەرمانی دیوانی ژمارە (٢٩)ی دەرچو لە نوسینگەی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٨/٢٧)، هەڵوەشاند لە ڕێکەوتی دەرچونی ئەو بڕیارەی دادگا، چونکە پێچەوانەی حوکمەکانی ماددەکانی (١٩و ٣٧و ٣٨و ٤٧و ٨٠و ٨٧و ٨٨)ی دەستورە(بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/١٦٩/اتحادية/٢٠٢١، ٢٠٢٢/٣/٢)، ئەو بڕیارە تایبەت بو بەپێکهێنانی لیژنەیەکی دەستپاکی، کە بە لیژنەی (ابو رغيف) ناسرابو.

دەسەڵاتی جێبەجێکردن پێویستە لەسەری حوکمی قەزای دەستوری لەبەرچاوبگرێت بۆ ئەو بڕیارانەی لە دوارۆژ دەریان دەکات، بۆیە لەسەریەتی بەردەوام نەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەو دەقەی بڕیار بە نادەستوریبونی دراوە، سەبارەت بە عێراقی فیدراڵ لەبەر ئەوەی بەزۆری حوکمی دادگا کاریگەریەکەی

ڕاستەوخۆیە و کاریگەری پاشینەی نییە، ئەوا تانە لەو بڕیارانە دەگیرێت، کە دوای بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەرچونە، نەک ئەو بڕیارانەی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، کە بەر لە بڕیارەکە دەرچوینە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پیادەکاریەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی چەندین بڕیار بەدی دەکرێن لە بواری چاودێری لەسەر دەستوریبونی یاساکان، کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەرپرسە لە جێبەجێکردنی، وەکو دادگای ناوبراو لە بڕیارێکیدا لە ساڵی ٢٠٠٦، لەسەر داوای دەستەی گشتی دادگای پێداچونەوە فیدراڵی، سەبارەت بە دەستوریبونی مادده (٢٠/ بڕگەی، سێیەم) لە یاسای خانەنشینی ژمارە (٢٧)ی ساڵی ٢٠٠٦، و دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا ماددەی (٢٠) لە یاسای خانەنشینی ژمارە (٢٧) ساڵی ٢٠٠٦ پێچەوانەی پرەنسیپی (لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان) نییە و پێچەوانەی پرەنسیپی (سەربەخۆیی دادگا) نییە، بۆیە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەردەوام بو لە جێبەجێکردنی یاسای ناوبراو لەسەر بنەمای بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی.(بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی/ ژمارە٨/اتحادية/٢٠٠٦، ٢٠٠٦/٥/٢٩).

## ٣- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دەسەڵاتی دادوەری

### بەرایی:

ئەم بەشەی توێژینەوەکە دابەشدەبێت بۆ سێ لق: ١- پابەندبونی قەزای دەستوری بە بڕیارەکانی ٢- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دادگاکانی ترەوە. ٣- پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری.

### ٣,١ پابەندبونی قەزای دەستوری بە بڕیارەکانی

بێگومان بایەخی بڕیار و حوکمەکانی قەزای دەستوری لە بەها و هێزی پابەندیان دایە، کاتێ دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پابەند دەکات بە جێبەجێکردنیان، جا ئەم جێبەجێکردنە چ بە ئاراستەیەکی ئەرێنی بێت، کە خۆی لە گرتنەبەر و ئەنجامدانی ئەو ڕێوشوێنانەدا ببینێتەوە، کە ناوەڕۆکی بڕیارەکە داوای دەکات، یاخود بەشێوازێکی نەرێنی بێت، کە پابەندی بڕیارەکە خۆی لە ئەنجامنەدانی یاخود پیادەنەکردنی ڕێوشوێنێکی دیاریکراودا دەبینێتەوە، هەتا خودی ئەو لایەنەی (قەزای دەستوری) ئەم بڕیارانە دەردەکات پێویستە پابەندبێت بەم بڕیارانە و جێبەجێیان بکات، بەپێچەوانەوە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکانی لەلایەن هەریەک لە دەسەڵاتەکانی (یاسادانان و جێبەجێکردن)، هەروەها دادگاکانی تریشەوە.(نویجي، بەبێ ساڵی دەرچون، ٢٢٢).

ئەگەر ئەزمونی عێراق وەربگرین دەبینین بەپێی مادده (٨٩) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ قەزای دەستوری، کە بە دادگای باڵای فیدراڵی ناوبراوە بەشێکە لە دەسەڵاتی دادوەری و لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ناوبراودایە، (دەستوری کۆماری عێراقی، ٢٠٠٥، مادده: ٨٩) و تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراق پابەندن بە بڕیارەکانی ئەم دادگایە بە خودی خۆشیەوە، چونکە بڕیارەکانی بنبڕن و یەکلاکەرەوەن، هەروەها پابەندنییە بۆ گشت دەسەڵاتەکان، بۆیە ناتوانرێت تانەیان لێبدرێت لەبەردەم هیچ دامەزراوەیەکی تر بە بەڵگەی مادده (٩٤)ی دەستوری ناوبراو.(هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، مادده:٩٤).

بەپێی ڕێکخستنە دەستورییەکەی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بێت دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی بە پلەی دوەم دێت لەدوای ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراقی، بەپێچەوانەی ئەزمونی هەندێ وڵاتیتر، کە دادگای فیدرالی یەکەم دادگای دەسەڵاتی دادوەرییە، کە ئەمەش مانای ڕەمزی خۆی هەیە، چونکە دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی، بەشێوەیەک لە شێوەکان لەژێر ڕکێفی ئەنجومەنی دادوەری ئیتحادیدایە. (هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، مادده:٨٩)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پیادەکاریەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی دەبینین ئەم دادگایە لە هەندێ بڕیارەکانی چەند حوکمی جیاوازی داوە لە چەند بابەتێکی هاوشێوە و لێکچو، بۆنمونە دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی لە ساڵی ٢٠٠٧ لە حوکمێکی ڕاڤەکاریدا سەبارەت بە تایبەتکارییەکانی ئەنجومەنی پارێزگا، بەم جۆرە بابەتەکەی یەکلایی کردۆتەوە، کە لە ناوەڕۆکی حوکمەکەیدا هاتوە: (ئەنجومەنی پارێزگا ناتوانێ پرۆسەی یاسادانان پیادە بکات لە سنوری دیاریکراوی خۆیدا (یاسا ناوخۆییەکان)، بەڵام ئەنجومەنی پارێزگا دەتوانێ پیادەی چەند تایبەتکارییەکی کارگێڕی و دارایی فراوان بکات، ئەمەش بەپێی مادده (١٢٢/ دوەم) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، کە ئەمەش لەگەڵ پرەنسیپی ناناوەندی کارگێڕی گونجاوە، کە جێبەجێدەکرێت بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری پارێزگاکان ... .(بڕیاری دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی ژمارە ١٣/اتحادیة، ٢٠٠٧/٧/١٨). بەڵام لە شیکردنەوەیەکی تردا دادگای باڵای فیدڕاڵی لە ساڵی ٢٠٠٨ دەڵێ: (ئەنجومەنی پارێزگا لە پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا مافی هەیە پیادەی پرۆسەی یاسادانان بکات لە بوارەکانی باجە ناوخۆییەکان و یاسای تایبەت سەپاندنی ئەرکەکانی رسوم و پێبژاردنەکان بەپێی پرەنسیپی ناناوەندی کارگێڕی، بە پشتبەستن بە مادده (١١٥) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، کە تیایدا هاتوە هەر تایبەتکاریەک لە دەسەڵاتی فیدڕاڵی بە دەق نەهاتبێت، دەبێتە دەسەڵاتی هەرێمەکان و پارێزگا ڕێکنەخراوەکان لە هەرێمێکدا ...).(بڕیاری دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی ژمارە١٦/ اتحادیة. ٢٠٠٨/٤/٢١).

واتە بەپێی ئەم دو بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی بێت دادگا پابەندی بڕیارێکی پێشتری نەبوە، کە ئەمەش پێچەوانەی بنەماکانی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ه.(بڕوانە ماددەکانی ٨٩ و ٩٤ لە هەمان دەستوری پێشو).

## ٣,٢ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن دادگاکانی ترەوە

هەروەک ڕونە مەبەست لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری لەلایەن خودی قەزای دەستوریەوە پەیوەستە بە ڕاددەی پابەندبون و ڕێزگرتنی قەزای ناوبراو بە بڕیارەکانی خۆی، کە پێشتر دەریکردون و لە بڕیارەکانی داهاتویدا ڕەچاویان دەکات و پێیانەوە پابەند دەبێت، و سەبارەت بە دادگاکانی تریش بەهەمان شێوە بڕیارەکانی قەزای دەستوری کاریگەریان دەبێت لەسەر ئەم دادگایانە و پێویستە پێیانەوە پابەندبن و جێبەجێیان بکەن لەکاتی پیادەکردنی تایبەتکاریەکانیدا، چونکە بەشێوەیەکی گشتی بڕیارەکانی قەزای دەستوری گشتگیرن بۆ گشت دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، بەپێی ئەوەی ئەم قەزایە دامەزراوەیەکی دەستوریە لە دەوڵەت، و سەرەڕای ئەوەی بڕیارەکانی لەڕوی بەهاوە جیاوازن لە بڕیارەکانی دادگاکانی تر، چونکە بەشێوەیەکی گشتی کاتێ دادگایەکی ئاسایی بڕیارێک دەردەکات ئەم بڕیارە بەهایەکی ڕەهای نییە، بەڵکو بەهاکەی ڕێژەییە و تەنیا گاریگەری و پابەندی دەبێت بۆ لایەنەکانی داوا بەپێچەوانەی بڕیارەکانی قەزای دەستوری، کە کاریگەریان دەبێت لەسەر هەمو دامەزراوەکانی دەوڵەت، بۆیە کاتێ بڕیارێک لە قەزای دەستوری دەردەچێت دەبێت دادگاکانی تر لە کاتی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی دێنە بەردەمیان پابەندبن بەم بڕیارە و جێبەجێیبکەن لەسەر ئەو کێشەیەی لەبەردەمیاندایە، جا ئەم داوایەی لەبەردەمی دایە لەهەر قۆناغێکدابێت بەبێ جیاوازی، و لە ئەگەری پابەندنەبونی دادگاکانی تریشدا ئەم بڕیارانەی ئەم دادگایانە دەریدەکەن بە نادەستوری و نایاساییی دادەنرێن.(العصار، ٢٠١٩، ٢٧).

هەندێ جار دادگاکانی تر هەوڵدەدەن خۆیان بەدوربگرن لەو بڕیارانەی قەزای دەستوری دەریکردون، بەتایبەت ئەو بڕیارانەی لەبواری (شیکردنەوەی دەقەکانی دەستور) دەرکراون بە بیانوی ئەوەی ئەم شیکردنەوەیەی قەزای دەستوری لەگەڵ ئەو کێشەیە ناگونجێ، کە هاتۆتە بەردەم دادگاکایەکی تر، یان ڕەنگە کار بەشیکردنەوەکەی قەزای دەستوری بکات، بەڵام بەشێکی وەرگرێت و بە بەشەکەی تر پابەند نەبێت و جێبەجێینەکات، و هەندێکاتیش دادگا ئەو داوایە ڕەت دەکاتەوە، کە پێشکەشیکراوە، بە بیانوی نەبونی مەرجە یاساییەکان یان مەرجە شێوەییەکان یاخود هەر بیانوێکی تر، و لەو ڕێگایەوە دادگا خۆی بەدور دەگرێ لە پابەندبون و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری.(ساري، سەرچاوەی پێشو، ٢٩٦).

دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لە بڕیاری ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠١٩دا، سەبارەت بەو تانەیەی لە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دراوە، لەبواری قاچاغچێتیدا، کە تیایدا هاتوە نابێت پێش دەرچونی حوکم لەسەری تۆمەتبار ئازاد بکرێت، و دادگای ناوبراو بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بە نادەستوری و نایاسایی دادەنێت و لە بڕیارەکەیدا هاتوە، بەپێی دەستور تۆمەتبار بێتاوانە، تا پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت لە دادگایەکی بێلایەن و سەربەخۆدا، (بڕیاری دادگای باڵای فیدڕالی عێراقی ژمارە ١٠/اتحادية، ٢٠١٩/٢/٢٦) لە بەرامبەر ئەم بڕیارەدا ئەنجومەنی باڵای دادوەری عێراقی، ئەم بڕیارەی دادگای باڵای فیدڕاڵی بەنایاسایی دادەنێت و بەپێویستی دادەنێت، کەوا دادگای ناوبراو ڕونکردنەوەیەک بدات لەسەر ئەم بابەتە، هەروەها حوکمێک دەربکات، کە گشتگیر بێت و بابەتەکە بەتەواوی ڕونبکاتەوە، هەرچەندە لە نوسراوەکەی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراقیدا ئاماژە بە پابەندنەبون و جێبەجێنەکردنی بڕیارەکەی دادگای باڵای فیدڕاڵی نەکراوە.(جمهورية العراق- مجلس القضاء الاعلى، ٢٠٢١/٣/١٦، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی: https://wwwhjc.iq/view68466).

ئەمە سەرەڕای ئەوە، کە ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە تەواوی دادگاکانی عێراقەوە، بەپێی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەشێکن لە دەسەڵاتی دادوەری و دەسەڵاتی دادوەریش بەپێی حوکمەکانی هەمان دەستور پابەندە بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی و ناتوانێت جێبەجێیان نەکات لەژێر هەر بیانوێک بێت.(بڕوانە ماددەکانی ٨٩ و ٩٤ لە هەمان دەستوری پێشو).

### ٣٠٣ پاشگەزبونەوە (العدول) لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری

لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی دروستدەبن لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان و ئەو پێشکەوتنە بەردەوامانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیانەوە دەبینێ، زۆرجار قەزای دەستوری پاشگەزدەبێتەوە لە بڕیارێکی پێشتری خۆی، بۆئەوەی بتوانێت بڕیارەکانی لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بگونجێنێ، هەروەها شیاوی جێبەجێکردن بن لە کۆمەڵگادا.

شارەزایانی بواری دەستور و یاسا چەندین پێناسەیان بۆ پاشگەزبونەوە (العدول) کردوە، وەکو پاشگەزبونەوە (العدول): (بریتییە لە گۆڕینی بڕیارێکی دیاریکراوی قەزای دەستوری بۆ بڕیارێکی تر، واتە قەزای دەستوری بەویستی خۆی لە بڕیارێکی پێشتری پاشگەز دەبێتەوە لە ڕێگای بڕیارێکی تری نوێیەوە)، یاخود پاشگەزبونەوە (العدول): (بریتییە لە دەرکردنی بڕیارێک لەلایەن قەزای دەستورییەوە، کە دژیەک و پێچەوانە بێت لەگەڵ بڕیارێکی پێشوتری خۆی لە هەمان بابەت).(المياحي، ٢٠١٥، ٦٢).

بەپێی ئەو پێناسانەی بۆ پاشگەزبونەوە کراون لەلایەن شارەزایانی بواری دەستورەوە، یەکێک لە ڕەگەزەکانی پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری دەستوریبونی ڕەزامەندی خودی قەزای دەستوریە لە پاشگەزبونەوە لە بڕیارێکی پێشتری، واتە پێویستە قەزای دەستوری بە ویستی خۆی پاشگەزببێتەوە لە بڕیارێکی پێشتری، نەوەک بەدەر لەویستی خۆی و بە ناچاری پاشگەز ببێتەوە، چونکە ئەگەر بەویستی خۆی نەبێت، ئەوا هەڵوێستەکەی ناچێتە ناو چوارچێوەی بابەتی پاشگەزبونەوە، جا ئەم ناچارکردنەی قەزای دەستوری لەوانەیە لەڕێگای گۆڕانکاری و هەموارکردنێک بێت لە ناوەڕۆکی دەستوری دەوڵەت و ئەم هەموارکردنە وابخوازێت قەزای دەستوری لە بڕیارێکی پێشتری پاشگەز ببێتەوە و بەپێی دەستور پابەند بکرێت بە دەرکردنی بڕیارێکی نوێ و جیاواز لە بڕیارە کۆنەکە لەسەر هەمان بابەت، شێوازێکی تری ناچارکردنی قەزای دەستوری بە پاشگەزبونەوە لە بڕیارێکی پێشوی بۆ دەست تێوەردانی دەسەڵاتەکانی تری دەوڵەت دەگەڕێتەوە لە کاروباری قەزای دەستوری بەتایبەتی دەسەڵاتی جێبەجێکردن، هەرچەندە ئەم شێوازەش لەگەڵ دەستور و یاسا هەروەها، سیستەمی کارکردنی قەزای دەستوری لەوڵاتان گونجاو نییە، بەڵام لەڕوی پراکتیکیەوە ئەم شێوازە ڕویداوە، بۆ نمونە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ڕویدا، کاتێ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا ویستی چاکسازی ئابوری بکات و دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکاش ئەم بابەتەی ڕەتکردەوە، و دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەستیوەردا لە کاروباری قەزای دەستوری و ژمارەی دادوەرانی دادگای ناوبراوی زیادکردن، و دادگا پاشگەزبوەوە لە بڕیاری پێشتری خۆی لەژێر کاریگەری و فشاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن و بەبێ ویستی خۆی.(المیاحي، سەرچاوەی پێشو، ٦٧).

بەگەڕانەوەمان بۆ پیادەکارییەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی نمونەی پاشگەزبونەوە بەدیدەکرێت، کە تیایدا دادگای باڵای فیدراڵی بە شێوازێکی ڕاشکاوانە ویستی پاشگەزبونەوەی خۆی دەردەبڕێت، هەروەکو لە بڕیارێکیدا بەڕون و ئاشکرایی چەند جارێک دادگای ناوبراو لە بڕیارەکەیدا دەڵێ پاشگەزبوینەوە لە پرەنسیپی پێشتر، پەیوەست بە بابەتی پارێزبەندی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران، (بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ٩٠/اتحادیة، ٢٨/ ٤/ ٢٠٢١)، ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو پاشگەزبونەوەیەوە، کە تیایدا قەزای دەستوری لە بڕیاری پاشگەزبونەوەکەیدا ئاماژە بە ویستی پاشگەزبونەوەی خۆی ناکات و بەشێوازێکی شاراوە دەمێنێتەوە، کە ئەمەش پیی دەوترێت پاشگەزبونەوەی ناڕاشکاو (نائاشکرا).(المجد، ٢٠٠٣، ٢٣٣).

پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری لە ڕوی ئەو شێوازەی قەزای دەستوری پەیڕەوی دەکات لە پاشگەزبونەوەکەدا دو شێوازی هەیە ئەوانیش، پاشگەزبونەوەی دیاریکراو، کە مەبەست لێی ئەوەیە، قەزای دەستوری پاشگەزبونەوەکەی بەشێوازێکی ڕون دیاری دەکات لەکاتی دانانی (پرەنسیپێکی

دادوەری نویَ) لەشوێنی پرەنسیپێکی دادوەری کۆن دادەنێت، بەبێ ئەوەی هیچ کێشەیەک و ناڕونییەک دروست بکات بۆ دامەزراوە دەستورییەکانی دەوڵەت بەتایبەت لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیاری پاشگەزبونەوەکە، (الشیمي، ٢٠٠٣، ١٧٥)، وەکو دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لە بڕیارێکیدا، بەشێوەیەکی ڕون ئاماژە بە هۆکارەکانی پاشگەزبونەوە دەکات لە پرەنسیپەکانی پێشتر، (بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/٩٠/اتحادیة، ٢٠٢١/٤/٢٨)، بەپێچەوانەی پاشگەزبونەوەی دیارینەکراو، کە تەنیا پاشگەزبونەوەکە ڕودەدات لە بڕیارێکی پێشتر، بەبێ دیاری کردنی هۆکارەکەی بەشێوەیەکی ڕون، واتە ئەگەر هۆکاری پاشگەزبونەوەکە یاسایی بێت، وەکو بەهۆی پێچەوانەبونی بڕیارە کۆنەکە بۆ دەستور بێت، لە بڕیاری پاشگەزبونەوەکەدا بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە پێچەوانەبونی دەستور دەکات، بەبێ دیاریکردنی ماددەکە، ئەم جۆرە پاشگەزبونەوەیە تاڕاددەیەک کێشە بۆ دامەزراوە پەیوەندارەکان بە جێبەجێکردنی بڕیاری پاشگەزبونەوەکە دروست دەکات بەهۆی ناڕونی و دیارینەکردنەکەی.(المیاحي، سەرچاوەی پێشو، ١٠٣).

هەروەک ڕونە عێراقی فیدراڵی، پەیڕەوی سیستەمی یاسایی (لاتینی) دەکات و کار بە پرەنسیپی (پێشینەی دادوەری) ناکات، هەروەها بڕیارەکانی دادگا نابنە سەرچاوەی سەرەکی بۆ یاسا، و بڕیارەکانی خودی دادگاکەو دادگاکانی تر لە داهاتودا، تەنیا بۆ لایەنەکانی داواکە پابەندن واتە بەهای ڕێژەییان هەیە، نەوەک بەهای ڕەها، بەڵام سەبارەت بە بڕیارەکانی قەزای دەستوری لە عێراقی فیدراڵ سەرەڕای ئەوەی پەیڕەوی سیستەمی یاسایی لاتینی دەکرێت، بەڵام بەپێی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی پابەندن، نەوەک تەنیا بۆ خودی دادگای باڵا و دادگاکانی تر، بەڵکو خاوەن هێزی پابەندین بۆ گشت دەسەڵاتەکانی دەوڵەت، واتە تاڕادەیەک دەتوانین بڵێین کار بە پرەنسیپی (پێشینەی دادوەری) دەکرێت، لە پرسەکانی پەیوەست بە قەزای دەستوری، واتە هێزی پابەندی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بۆ تەواوی دەسەڵاتەکانی دەوڵەتە، ئەمەش بە بەڵگەی ماددە (٩٤) لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، کە تیایدا هاتوە: (بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی بنبڕن و پابەندین بۆ گشت دەسەڵاتەکان).(هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، ماددە: ٩٤).

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، کە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ و یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ئاماژەیان بە بابەتی پاشگەزبونەوە نەکردوە، لە هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقیدا ئاماژە بە پاشگەزبونەوە کراوە، بەجۆرێک دادگای ناوبراو بۆی هەیە لە بە پاساوی پێویستی لە بڕیارێکی پێشتری خۆی پاشگەزببێتەوە، و هەرکاتێ دەستور و بەرژەوەندی گشتی وایخواست، دادگای ناوبراو ئەم پاشگەزبونەوەیە بکات لە یەکێک لە بڕیارەکانی خۆی، بەڵام بەمەرجێ ئەم پاشگەزبونەوەیە کاریگەری نەبێت لەسەر سەقامگیری (پێگە یاساییەکان و مافە بەدەستهاتوەکان).(هەمان پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، ٢٠٢٢، ماددە: ٤٥)، هەرچەندە واباشتربو ئەم بابەتە لە چوارچێوەی دەستوردا، یاخود بەلایەنی کەم لە یاسای دادگادا ڕێکخستنی بۆ بکرایە، نەوەک پەیڕەوی ناوخۆی دادگا.

کەواتە دەتوانین بڵێین سیستەمی یاسایی پەیڕەوکراو لە دەوڵەت ڕۆڵێکی گرینگ نابینێت لە بابەتەکانی پەیوەست بە قەزای دەستوری، ئەمەش بە بەڵگەی ئەزمونی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، کە پەیڕەوی سیستەمی یاسایی (ئەنگلۆسەکسۆنی) دەکات، بەڵام خودی دادگای باڵای فیدراڵی ئەمریکی ئەم وڵاتە لە چەندین بڕیاریدا ڕێگای داوە بە خۆی بە پابەندنەبون بە بڕیارەکانی پێشتری و پاشگەزبونەوە لێیان بە بڕیارێکی تر، واتە هەڵوێستی دادگای ناوبراو پێچەوانەی سیستەمی یاسایی وڵاتەکەیە، و سەبارەت بە ئەزمونی وڵاتی میسریش، بەهەمان شێوەی ئەزمونی عێراقی فیدراڵ، کە پیادەی سیستەمی یاسایی (لاتینی) دەکات، بەپێی ئەم سیستەمەش بێت پێویستە کار بە پرەنسیپی (پێشینەیی دادوەری) نەکرێت و بڕیارەکانی دادگا پابەندنەبن بۆ خودی خۆی و دادگاکان لە داهاتودا، واتە شوێنەوارەکانی بڕیارەکانی دادگا لەسەر لایەنەکانی داوا زیاتر برناکات، بەڵام بەپێی ڕێکخستنی دەستوری و یاسایی هەردو وڵاتی میسر و عێراق بێت بڕیارەکانی قەزای دەستوری پابەندین بۆ گشت دەسەڵاتەکانی، کە گشت دادگاکانی دەوڵەت دەگرێتەوە، ئەمەش بە بەڵگەی مادده(٩٤)ی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ (هەمان دەستوری پێشو، ٢٠٠٥، مادده: ٩٤) و مادده (١٩٥)ی دەستوری هەموارکراوی میسری ساڵی ٢٠١٤،(دەستوری هەموارکراوی میسری، ٢٠١٤، مادده: ١٩٥)، واتە یاسادانەری دەستوری بەپێچەوانەی سیستەمی یاسایی پەیڕەوکراو لە دەوڵەت ڕێکخستنی بۆ پرسەکە کردوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە وردبونەوەمان لە لایەنی پراکتیکی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی دەبینین پاشگەزبونەوە لە بڕیارەکانی پێشتر بەدیدەکرێت.

کەواتە دەستوری دەوڵەت و بڕیارەکانی قەزای دەستوری ڕۆڵی یەکلاکەرەوە دەبینن لە بابەتی پاشگەزبونەوە (العدول) لە بڕیارەکانی قەزای دەستوری، نەک سیستەمی یاسایی پەیڕەوکراو لە دەوڵەت.

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین بۆئەوەی قەزای دەستوری لەگەڵ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا و بارودۆخە جیاوازەکان خۆی بگونجێ و بڕیارەکانی شیاوی جێبەجێکردن بن پێویستە پاشگەزببێتەوە لە هەندێ پرەنسیپی پێشتری خۆی، کە لەگەڵ بارودۆخی نوێی کۆمەڵگا ناگونجێن، ئەمەش لەڕێگای بڕیارێکی نوێیەوە، بەجۆرێک بڕیارە نوێیەکە گونجاو بێت لەگەڵ واقعی کۆمەڵگا، بەڵام پێویستە بابەتی پاشگەزبونەوە لە چوارچێوەی دەستوردا ڕێکخستنی بۆ بکرێت، چونکە ئەگەر ئەم بابەتە لە دەستوردا ڕێکخستنی بۆ نەکرێت، ئەوا پاشگەزبونەوە پێچەوانەی بەهای ڕەهای بڕیارەکانی قەزای دەستوری دەبێت، کە زۆربەی دەستورەکان ئەم بەهایەیان بۆ بڕیارەکانی قەزای دەستوری بڕیار لێداوە، بۆیە پێویستە لە چوارچێوەی دەستوردا ڕێگا بە قەزای دەستوری بدرێت بە پاشگەزبونەوە.

## کۆتایی

**لە کۆتایی نوسینی ئەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری) گەیشتین بەم دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی خوارەوە:**

### یەکەم: دەرئەنجام

١- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری جیاوازە لە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای ئاسایی بەهۆی جیاوازی ئەو ماف و پێگە یاساییانەی، کە بڕیارەکانی قەزای دەستوری پارێزگاریان لێدەکەن، هەربۆیە ئەو ئامرازانەی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگای ئاسایی لە یاسای دادبینی شارستانی هاتون ناتوانرێت لەبواری جێبەجێکردنی بڕیارەکانی قەزای دەستوری بەکاربهێنرێن.

٢- لە دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ ئاماژە بە بونی بەهای ڕەهای بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی کراوە، و بڕیارەکانی دادگای ناوبراو هێزی پابەندیان هەیە لەبەرامبەر گشت دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و بنبڕ و یەکلاکەرەوەن.

٣- لە دەستوری کۆماری عێراق و یاسای دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقیدا ئاماژە بە بابەتی کاریگەری بڕیارەکانی دادگای فیدڕاڵی نەکراوە لەڕوی کاتەوە، واتە یاسادانەری دەستوری و یاسایی عێراقی هیچ ڕێکخستنێکی بۆ بابەتی کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدڕاڵی عێراقی نەکردوە، تاوەکو بزانین جۆری کاریگەرییەکە ڕاستەوخۆیە و تەنیا لەسەر داهاتوە، یاخود کاریگەریەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوش، بەڵام دادگای ناوبراو بە کاریگەری ڕاستەوخۆی وەرگرتوە، مەگەر بەپێچەوانەی ئەمە دادگا بڕیار بدات.

٤- قەزای دەستوری لە بڕیاردان بەنادەستوری بونی یاساکان، جێگای دەسەڵاتی یاسادانان ناگرێتەوە، لەبواری هەڵوەشاندنەوە و هەموارکردنەوەی یاساکان، چونکە لە تایبەتکاریەکانی قەزای دەستوری نین، بەڵکو لەچوارچێوەی تایبەتکاریەکانی دەسەڵاتی یاسادانان دان لەسەر بنەمای پرەنسیپی لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و دەستوەرنەدان لە کاروباری دەسەڵاتی یاسادانان.

٥- بەشێوەیەکی گشتی قەزای دەستوری بەدو شیواز لە بابەتی بێدەنگی یاسایی (الاغفال التشريعي) ڕوبەڕوی دەسەڵاتی یاسادانان دەبێتەوە ئەوانیش: یان ڕۆڵی ئاشکراکەری هەیە لە ئاشکراکردنی بێدەنگیەکە، یاخود ڕۆڵی ئاگادارکردنەوەی دەبێت، کە خۆی لە ئاگادارکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانددا دەبینێتەوە بە

دەخالەتکردن و چارەسەرکردنی ئەم بۆشاییە یاساییەی هەیە، واتە لەم شێوازەدا دەسەڵاتی قەزای دەستوری تەنیا ڕۆڵی ئاشکراکردنی کەموکورتیە یاساییەکەی نییە.

٦- هەرکاتێ بڕیار بە نادەستوری بونی یاسایەک دەرچو لەلایەن قەزای دەستوریەوە، و ئەو یاسایەش بنەمای دەرکردنی بڕیارێکی کارگێڕی بو لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە، ئەوا دەسەڵاتی جێبەجێکردن ئەم بڕیارە کارگێڕیە هەڵدەوەشێنێتەوە و دۆخەکەش دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بەر لە کارپێکردنی دەقە یاساییە ناکۆک بە حوکمەکانی دەستور.

٧- لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکاریانەی دروستدەبن لە بوارە جۆراو جۆرەکانی ژیان و ئەو پێشکەوتنە بەردەوامانەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆیانەوە دەبینێ، زۆرجار قەزای دەستوری ناچار بە پاشگەزبونەوە (العدول) دەبێت، بۆئەوەی بتوانێت بڕیارەکانی لەگەڵ بارودۆخە نوێیەکان بگونجێنێ، هەروەها شیاوی جێبەجێکردن بن لە کۆمەڵگادا.

## دووەم: ڕاسپاردە

لە پاش خستنەڕوی ناوەڕۆکی توێژینەوە و دەرئەنجامەکان، ئەم توێژینەوەیە هەڵدەستێت بە خستنەڕوی چەند ڕاسپاردەیەک:

١- ڕێکخستنی بابەتی پاشگەزبونەوە (العدول) لە چوارچێوەی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، و دیاریکردنی مەودای توانای دادگای ناوبراو لە پاشگەزبونەوەی لە بڕیار و پرەنسیپەکانی پێشتری خۆی، نەوەک ڕێکخستنی ئەم بابەتە لە چوارچێوەی پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، چونکە ئەم بابەتە ڕەهەندێکی دەستوری هەیە و پێویستە لەچوارچێوەی دەستوردا ڕێکخستنی بۆ بکرێت.

٢- ڕێکخستنی بابەتی کاریگەری بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی لەڕوی کاتەوە، و دیاریکردنی مەودای گەڕانەوەی کاریگەری ئەم بڕیارانە بۆ ڕابردو، لە چوارچێوەی دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥.

٣- ڕێکخستنی بابەتی پابەندنەبون بە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی لەچوارچێوەی دەستور، یاخود لەچوارچێوەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی عێراقیدا.

٤- پرسی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا تاڕاددەیەک نارۆشنە، پێویستی بە وردەکاریە، لەگەڵ دیاریکردنی بەرپرسیاریەتی دەسەڵاتەکان لە جێبەجێکردنیان، بۆیە پێشنیار دەکەین بەرپرسیاریەتی هەریەکە لە دەسەڵاتە گشتییەکان و هاووڵاتیان بەڕونی لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ئاماژەی پێبکرێت، بەجۆرێک ئەگەر جێبەجێیان نەکرد، لەبەردەم پێشێلکردنی دەستوردابن، واتە ئەم بابەتە لە یاسای دادگادا چارەسەر بکرێت.

# Execution the decisions of the constitutional court

**Luqman Naaman Abdulrahman[1] - Khamosh Omer Abdulla[2]**

[1]Law Department, college of law, political science and management, University of Soran Kurdistan Region, Iraq.

[2] Legal Advisor in the Parliament of the Kurdistan Region, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

The constitutional judiciary is one of the most important constitutional and judicial institutions of the state. It has an important role in resolving lawsuits related to the state's constitution, or those that have a constitutional dimension, and resolving constitutional issues. Decisions must be decisive and final and have binding force on all constitutional institutions of the state, meaning that they have authority Absolute towards all authorities within the state, in order to comply with and implement the decisions of the constitutional judiciary by state institutions.

Having said that, the content of this research under the title (Execution of the decisions of the constitutional court) discusses the form and authoritativeness of the decisions of the constitutional judiciary, and the execution of these decisions by each of the authorities (legislative, executive, and judicial), and overruling by constitutional court with the rulings of the Iraqi Federal Supreme Court.

Keywords: Decisions, execution, Overruling

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتوکەکان:


1. د. سەرهەنگ حمید بەرزنجی(٢٠١٩)، **گشتگیر لە تیۆری دەستور**، (هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات).
2. بتول مجيد جاسم(٢٠١٩)، حجية القرارات والآراء التفسيرية الصادرة من المحاكم الدستورية (لبنان- بيروت، دار السنهوري.
3. د. جورجى شفيق ساري(٢٠٠٥)، **اختصاص المحكمة الدستورية العليا بالتفسير/ النطاق، الشروط، الاثر**، (القاهرة، دار النهضة العربية)
4. د. رفعت عيد سيد(٢٠٠٤)، الوجيز في الدعوى الدستورية- مع مقدمة للقصاء الدستوري في فرنسا و الولايات المتحدة الامريكية، القاهرة، دار النهضة العربية،ط١.
5. ٤-د. عبدالحفيض علي الشيمي(٢٠٠٣)، **رقابة الاغفال التشريعي في قضا المحكمة الدستورية العليا** / دراسة مقارنة/ (القاهرة، دار النهضة العربية)
6. ٥-عصام آنور سليم(٢٠٠٤)، **موقع القضاء الدستوري من مصادر القانون**، (الاسكندرية، منشآ المعارف)
7. ٦- على هادي عطة الهلالي، **الظرية العامة في الدستور واتجاهات المحكمة الاتحادية العليا**، (بغداد، منشورات زين الحقوقية، ٢٠١١).
8. ٧- د. محمد باهي(٢٠١١)، الغرامة التمهيدية، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية.
9. ٨- د. محمد فوزي نويجي، **التفسير المنشئ للقاضي الدستوري** (القاهرة، دار النهضة العربية).
10. Anahit manasyan(2015), execution of the constitutional court decisions as a guarantee for strengthening the constitutionalism (Example of the republic of Armenia), juridiskazinatne/ Law, No8, p194.
11. Christoph Grabenwater(2017), Guido neppi Modona, peter paczolay, Amending the organic law no 1979/2 on the constitutional court, European commission for democracy through law (Venice commission), Adopted by the venice commission, march 10-11 venice, p7.
12. Tsuvina tetiana Andriyivna(2008), Execution of court decisions in Ukraine reforming the system in terms of the right to a fair trial, problems of legality, Issue 142, p56.
13. ابراهيم عبدالقادر الطهراوي(2007)، **الرقابة على دستورية القوانين في القانون المصري والفلسطيني**/ دراسة مقارنة، (رسالة ماجستير، معهد البحوث والدراسات العربية – المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم)
14. بێوار عبدالرحيم محمدامين(2020)، **القضاء الدستوري ودوره في ترسيخ النظام الاتحادي وحمايته في العراق**/ دراسة تحليلية مقارنة/ (رسالة ماجستير، جامعة سوران، فاكلتي القانون والعلوم السياسية والادارة)
15. د. حمدان حسن فهمي(2006)، حجية احكام القضاء الدستوري واثارها، رسالة دكتوراه، كلية الحقوق، جامعة الاسكندرية.

16. عمر نوري عاصي العبيدي(2012)، **الاعفال الدستوري في تنظيم السلطة التنفيذية وفق دستور جمهورية العراق لعام ٢٠٠٥**، دراسة مقارنة، رسالة ماجستير، جامعة كركوك، كلية القانون والعلوم السياسية، قسم قانون12.
17. محمد علي علي حسن حيدق(2022)، تنفيذ الحكم الدستوروي و اشكالاته – دراسة تحليلية، رسالة مقدمة لنيل درجة الدكتۆراه في الحقوق، جامعة الاسكندرى..
18. د. نايف خالد نايف المطيري(2020)، حجية الحكم الصادر في الدعوى الدستورية وتنفيذه في الكويت، دراسة مقارنة، رسالة دكتوراه، جامعة القاهرة.
19. هديل محمد حسن المياحي(2015)، **العدول في احكام القضاء الدستوري في العراق / دراسة مقارنة**، (اطروحة دكتوراه، جامعة النهرين، كلية الحقوق.
20. د. احمد كمال ابو المجد(2023)، **دور المحكمة الدستورية في النضامين السياسي والقانوني في المصر**، مجلة الدستور، العدد/ ٢، السنة/ ١، ٢٣٣.
21. د. سوز حميد مجيد(2019)، الآثر الرجعي للحكم بعدم الدستورية، مجلة قەڵای زانست العلمية، المجلد (٤) – العدد (٣)، الصيف ٤٣٨.
22. ماهر البحيري(2003)، الاثر الرجعي بعدم الدستورية و فلسفة التشريع في الحد من مداه، مجلة الدستورية، السنة الاولى، العدد الثاني، ابريل.
23. د. محمد عبدالكاظم عوفي(2020)، **اختصاصات المحكمة الاتحادية العليا في العراق بتفسير الدستور**، مجلة كلية القانون الكويتية، العدد٣ – العدد التسلسلي ٣١/ محرم- صفر.
24. د. مها بهجت يونس(2020)، محمد سالم كريم، طبيعة احكام القصاء الدستوري ودورها في تحقيق استقلاله، مجلة كلية التربية- جامعة واسط، العدد التاسع والثلاثون، الجزء الثاني/ آيار/ ل٥٣٩-٥٤٠.
25. ميسون طه حسين(2020)، **المعاجة التشريعية للاغفال السستوري في تنظيم الحكومة البرلمانية (تشخيص ومعالجات-** دراسة في اطار دستور العراق لسنة ٢٠٠٥)، مجلة جامعة بابل للعلوم الانسانية، المجلد ٢٨، العدد ٦.
26. د. يسري محمد العصار(2019)، **سلطة القضا الدستوري في تفسير القوانين، دراسة مقارنة**، مجلة دورية قانونية تصدر عن معهد الكويت للدراسات القضائية والقانونية – السنة الثانية عشرة – العدد الحادي والعشرون – جمادي الاخرة ١٤٤٠.
27. جمهورية العراق- مجلس القضاء الاعلي، اشاره الى قرار المحكمة الاتحادية العليا رقم ١٠/اتحادية/٢٠١٩، (٢٠٢١/٦/١٣)، https://www.hjc.iq/view68466، (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١١/١٠).
28. د. علي هادي عطيه الهلالى، الولاية التكميلية للمحكمة الاتحادية العليا في قصايا عدم تنفيذ احكامها، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی: www.iraqfsc.iq (٢٠٢٢/٣/٢)، (ڕێکەوتی سەردانیکردنی لینک: ٢٠٢٢/١٢/٢١).
29. دەستوری کۆماری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥، بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی بەژمارە ٤٠١٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٠٥/١٢/٢٨./
30. دەستوری میسری ساڵی ٢٠١٤ی هەموارکراو لە ساڵی ٢٠١٩.
31. دەستوری هەموارکراو لەساڵی ٢٠١٥ی ئیسپانی.
32. یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەی ساڵی ٢٠٠٤، بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی بەژمارە ٣٩٨١.

## شەشەم: یاسا و پەیڕەوەکان:


33. یاسای دادگای باڵای میسری ژمارە (٤٨)ی ساڵی ١٩٧٩.
34. یاساکانی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی، ژمارە (١٦) ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو، و ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣ و هەمواری یاسای ژمارە (٤٥) ی ٢٠١٣ لە ساڵی ٢٠١٨.
35. یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ژمارە (٤٥)ی ساڵی ٢٠١٣، بڵاوکراوەتەوە لەوەقائیعی عێراقی ژمارە (٤٣٠٠)ی ساڵی ٢٠١٣.
36. یاسای زمانە فەرمیەکانی عێراقی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٤، بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی بەژمارە ٤٣١١ لەڕێکەوتی ٢٠١٤/٢/٢٤.
37. یاسای بەستنی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیەکان ژمارە (٣٥)ی ساڵی ٢٠١٥، بڵاوکراوە لە وەقائیعی عێراقی ژمارە (٤٣٨٣)ی ساڵی ٢٠١٥.
38. یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٠، بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی بە ژمارە ٤٦٠٣ لە ڕێکەوتی: ٩/ ١١/ ٢٠٢٠.
39. پەیڕەوی ناوخۆی دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢. بڵاوکراوەتەوە لە وەقایعی عێراقی بەژمارە ٤٦٧٩ لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٦/١٣.


## حەوتەم: بڕیارە دادوەرییەکان:


40. ١- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ٥١/ اتحادية/٢٠١٠ لە ٢٠١٠/٧/١٢، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2010/51.fed.2010.pdf ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٨/ ٩/ ٢٠٢٢.
41. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/ ٢٨/اتحادية/ ٢٠١٨ لە ڕێکەوتی ٢/١٢/ ٢٠١٨، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https:///www.iraqfsc.iq/krarat/2/2018/28/fed/2018.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/٩/٢٩).
42. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (١١/ اتحادية/ ٢٠١٠) لە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/١٤).
43. وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو:
44. https:///www.iraqfsc.iq/krarat/2/2018/28/fed/2018.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٢).
45. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (٤٣/ اتحادية/٢٠٢١)، لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٢/٢٢)، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https:///www.iraqfsc.iq/krarat/2/2018/28/fed/2018.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١١/٢٥).
46. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/ ٧٢/اتحادية/٢٠١٢/ لە ٢٠١٢/١٠/١، وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2012/72/fed2012.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١/ ١٠/ ٢٠٢٢).

47. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە/ ٥/اتحادية/ ٢٠١٦ لە ٢٠١٦/٢/١٤، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2016/5_fed_2016.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١٠/٢).

48. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە ٢٧/ اتحادية/ ٢٠٠٩ لە ١١/ ٨/ ٢٠٠٩. وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2009/27 fed 2014.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردنی لینک: ١٥/ ٧/ ٢٠٢٢.

49. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە ١٥/اتحادية/ ٢٠٠٨ لە ٢١/ ٤/ ٢٠٠٨. وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2008/15fed 2008.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ١٥/ ٧/ ٢٠٢٢.

50. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (٥٩/اتحادية/٢٠١١) لە ڕێکەوتی (٢٠١١/١١/٢١)، بڵاوکراوەتەوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2008/15fed 2008.pdf

51. (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١٢/١٣).

52. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ٢٨/اتحادية/ لە ١٢/ ٢/ ٢٠١٨، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2018/28/fed.2018.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردنی لینک: ٢٠٢٢/٧/٢٧).

53. بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە (١٦٩/اتحادية/٢٠٢١) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٢/٣/٢)، وەرگیراو لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2018/28/fed.2018.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردنی لینک٢٠٢٢/١٢/١٨).

54. ١٢- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی، ژمارە ٨/ اتحادية/ ٢٠٠٦ لەڕێکەوتی ٢٠٠٦/٥/٢٩، وەرگیراوە لەپێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/1/2006/8/ fed 2006.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١٠/٤).

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ١٣/ اتحادية/ لە ١٨/ ٧/ ٢٠٠٧/ وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2007/13.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٩/ ٨/ ٢٠٢٢).

بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ١٦/ ١تحادية/ لە ٢١/ ٤/ ٢٠٠٨ وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2008/16.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٩/ ٨/ ٢٠٢٢).

١- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ١٠/ اتحادية/ لە ٢٠١٩/٢/٢٦/ وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2007/13.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن: ٢٠٢٢/١١/١٠)

55. ١٦- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ٩٠/ اتحادية/ لە ٢٠٢١/٤/٢٨/ وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2021/90.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن2022/11/1).

56. ١٧- بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی عێراقی ژمارە ٩٠/ اتحادية/ لە ٢٠٢١/٤/٢٨/ وەرگیراوە لە پێگەی ئەلیکترۆنی دادگای ناوبراو: https://www.iraqfsc.iq/krarat/2/2021/90.pdf (ڕێکەوتی سەردانیکردن:2022/11/1).

[1]- بێدەنگی یاسایی ئەوەیە، کە دەسەڵاتی یاسادانان بەئەرکی خۆی هەڵناستێت لە دەرکردنی یاسا، بێدەنگی یاسایی زاراوەی تریشی بۆ بەکاردێت، کە هەمان مانا دەدات، وەک (النقص التشريعي) کەموکوڕی یاسایی یان دەرنەکردنی یاسا (امتناع تشريعي)، ئەوانەش جیاوازن لەگەڵ (عدم اختصاص سلبي) تایبەتمەند نەبونی سلبی ئەوەشیان، کاتێک ڕودەدات، کە دەسەڵاتی یاسادانان دەسەڵاتێکی دەسەڵاتێکی تر ڕادەسپێرێت بەدەرکردنی یاسا، بەڵام یاساکە دەرناکات و لەو کاتەشدا تایبەتمەندنەبونی سلبی دروستدەبێت.